# دابڕان له بەرهەمەكانی تاراوگەی دلاوەر قەرەداغیدا

د. فاروق محمەد ڕەزا
زانكۆی گەرمیان/ فاكەڵتی پەروەردە

**پێشەكی :**

دابڕان وەك زاراوەیەك فرە مانایەو وەك دەلالەتێكی ئەدەبی لەگوزارەی زیاتر چەمكێكی دەرونی ئەنجا بەپلەی دووەم كۆمەڵایەتی یە ، ئەوتوێژەرانەی پێش ئەم كارە كاریان كردووە لەپەنجەی دەست تێناپەڕن زیاتر گشتێتیان پێوە دیارە ، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تاكە بابەتە لەڕوی ئەكادیمیەوە كە (دابڕانی تاراوگەی هۆنراوەكانیدلاوەر قەرەداغی لە خۆگرتوە كارێكی ئەدەبی شیكاری پەسنی یە بەنمونەی هۆنراوەیی بەرهەمەكانی دلاوەر قەرەداغی پشت بەست كراوە .

**ناونیشان و بواری توێژینەوە كە :**

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتی یە لە (( دابڕان لەتاراوگەی دلاوەرقەرەداغیدا ، دابڕانەكە لەڕوی جۆرەكانیەوە كورتەیەكی لەسەر نوسراوە بەگوێرەی سەرچاوەكان پاشان پۆلێن كردنی بۆكراوە بەگوێرەی سێ ئاسات وەك بابەت بەكاری شیكاری ئەنجام دراوە .

**سنوری توێژینەوەكە :**

ئەوبەرهەمانەی دلاوەر قەرەداغی دەگرێتەوە وەك .

١_ دلاوەر قەرەداغی ، مەلەك ڕێحان ، شیعر،، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٤.

٢_ دلاوەر قەرەداغی، بەرهەمی پایزانە، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦.

٣_ تەیرەكانی ئیسماعیل ، سلێمانی ١٩٩٥.

٤_ دلاوەر قەرەداغی ، ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لەتەنیشت بیابان، چابخانەی ڕەنج سلێمانی ساڵی ٢٠٠٥.

٥_ دلاوەر قەرەداغی لەتەمدا دیار نیم ، چابخانەی ڕەنج ساڵی ٢٠١٢.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە :**

پلانی توێژینەوەكە بریتیە لەم نەخشە ڕێگایەی خوارەوە :

پێشەكی .

بەشی یەكەم.

پاری یەكەم: چەمكی دابڕان.

دابڕان لە ڕووی فەرهەنگیەوە.

جۆرەكانی دابڕان .

واتاو ناوەڕۆكی دابڕان .

دابڕان لەئەدەبی كلاسیكی كوردیدا.

بەشی دووەم :

پاری یەكەم:

ژیان وبەرهەمی دلاوەر قەرەداغی.

ئەوبابەتانەی لەسەر دلاوەر قەرەداغی نووسراون .

دابڕان لەئەدەبی نویٚ و هاوچەرخی کوردیدا

پاری دووەم :

دابڕان لەبەرهەمەکانی دلاوەر قەرەداغیدا.

یەکەم : دابڕانی کۆمەلاٚیەتی .

دووەم : دابڕانی دەرونی .

سێهەم : دابڕانی نیشتیمانی.

ئەنجام .

پەراوێزەکان.

سەرچاوەکان.

کوردی ، عەرەبی.

نامە ئەکادیمیەکان.

کورتەی توێژینەوە بەعەرەبی .

کورتەی توێژینەوە بە ئنگلیزی.

## ڕێبازی توێژینەوە

ڕێبازەکە ( وەسفی شیکاری یە ) چونکە لەگەڵ سروشتی کارە ئەدەبیەکە دەگونجێت کەڵك وەرگیراوە لەونامەئەکادیمیانەی کەلەسەر نامۆیی و تاراوگە کەلەوەوپێش لەسەر ئاستی ماستەر لەبەشەکانی کوردی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نوسراوە بێجگە لە کەڵك وەرگرتن لە ئەوسەرچاوانەی کەدەرباری نامۆیی نەتەوەیی دەرباریان نوسراوە هەروەها کەڵکیش وەرگیراوە لەبواری ئینتەرنێت وەك سایتە دەنگیەکان .

گرنگی توێژینەوەکە :

تائێستا ئەوەی دەرباری (بەرهەمەکانی دلاوەر قەرەداغی) کراوە دید و ووتاری پچڕ پچڕ لە گۆڤارە جیاوازەکاندا لە لایەن هەندێ لەهاوڕێان و نووسەرانی کوردەوە بەڕێگای نامە گۆڕینەوە وگفتوگۆی پاش ئەنجامدانی کۆڕە ئەدەبیەکان ئەنجام دراوە کە شاعیر لەکات وجێگای جیاوزادا ئەنجامی داوە گرنگیەکی تایبەتیش لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کەدلاوەر قەرەداغی دەرچووی هونەرەجوانەکانی بەغدایە ، بەلاٚم پسپۆڕیەکەی لەشیعر دانان و وەرگێڕان بەزۆری لەزمانی فارسی یە وە ئەنجام داوە تاساتی نوسینەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها توێژینەوەیەکی ئاستی بەکالۆریۆسیش بەرچاوی توێژەر نەکەوتووە کەدەرباری هۆنراوەکانی ئەم کرابێت .

گرفتی توێژینەوەکە :

گرفت لەوەدابوو کەزۆربەی سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی نوسراون یالەزمانێکی بیانی یەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی ئەوکات ئەرکی توێژەر لەدەستی سێهەم دا خۆدەبینێتەوە بەدارڕشتنێکی نویٚ و بەشێوازێکی

نویێ و ڕێبازێکی گونجاو وەك یاسای وەرگێڕان بەگوێرەی قوتابخانەکانی وەرگێڕان بۆیە پێویستی بەکاتێکی زۆر هەبو لەگەڵ ئەوەش کەڵك لەبابەتەکانی نامۆیی وەرگیراوە بەهەمو جۆرەکانی یەوە بەتێبینی و وورد کردنەوەی بەرهەمی شاعیر لەتاراوگە .

بەشی یەکەم

پاری یەکەم: چەمکی دابڕان.

دابڕان لە ڕووی فەرهەنگیەوە

واتای دابڕان لە رووی فەرنگەییەوە:

الا نفصال(١) لە فەرهەنگی عەربیدا لە فرمانی چواری (انفصل) هاتووە ،بە واتا جیابوونەوە، لە هەندێ فەرهەنگدا بە مانای (انقطاع) هاتووە، ئەمەیش لە فرمانی چواری (انقطع) وەرگیراوە ، وە هەندێ لە روشنبیران و ئەکادیمەکانی روژئاوای عەرەبی پێیان وایە دابڕان و جیابوونەوە و دورکەوتنەوە یەك مانا دەبەخشێت ئەویش ئەوەیە مرۆڤ دادەبڕێت یان دور دەکەوێتەوە یان ل خودی خوی وەك سایکولوژیای ئەدەب یان لە نیشتیمانی باو باپیرانی ئەمەیشیان نامویی دەرونی لە سەر ئاستی خود یان کومەلایەتی یان نیشتیمانی دروست دەکات . لە سەر ئاستی جیهانیش نوسەرانی وەکو: جان جاك ڕۆسۆ (٢)(١٧١٢ – ١٧٧٨) ، گۆته (١٧٤٩–١٨٣٢) و شکسبیر (١٧٥٩ – ١٨٠٥) ئەمانە هەموویان لە بواری ئەدەبدا باسیان لێکردووە تا سەردەمی (فێختە) ١٧٦٢– ١٨١٤ ئەم جۆرە دابران و دەربەدەریە زیاتر تووشی (خود) دەبێت، بویە ژیان لە دیدی فێختەوە جیهانێکە بەتاڵ لە ژیان و دوورە پەرێز لە کێشەو گیروگرفتەکانی ڕۆژانە.

ڕەگ و ڕیشەی و دابڕان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان تایبەت پەیوەستە بە کەسێتی (سوقرات) (٣)ەوە زیاتر سەرچاوەکە (سفری تکوین) دا لەبەشی (الانسان الثمرة المحرمة) (الخروج من جنه العزه) هاتوە زۆرانبازییە لەنێوان لەش و دەرووندا.

لەبەرهەمی (العهد القديم) (٤)دا کۆمەڵێك دەستەواژە هاتووە لە کۆمەڵێ ڕستەدا وێنەی (دەربەدەری ئیبراهیم بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ لەخاکی فەلەستینی). (٥)

(دانیشتنی یەعقوب لە خاکی دەربەدەری لە وڵاتی باوکی کنعان) .(٦)

(( سەردەمی برسێتی بوو ، گرانی کەوتبووە وە .. هەموو سەر زەوی وەها بوو بۆیە (ابراهيم .. سەفەری کرد بۆ میسر ئەم ئاوارەیە لە پێناوی نان پەیداکردن دا بوو) . (٧)

کەواتە سەردەمی موسایی و عیساییەکان نامۆیی دەربەدەری و تاراندن هەبووە ئەمەش ئاساییە چونکە مرۆڤ لەهەموو زەمانێکدا دەربەدەربکرێت ئەوا تووشی نامۆییو دابڕان دەبێت.

بەڵگە نەویستە شاعیر کوڕی کۆمەڵەکەیەتی هەموو شتەکان لەگەڵ کاتدا بەدەوری ئەودا دەسوڕێتەوە ، لەبەرئەوە کاتێك بەهەر شێوازێك بەهەر هۆکارێك دادەبڕێت لە ووڵات و زێدی باب و باپیری.

وەك پەیوەندی مێژوویی شاعیرانی دوو شاعیری جیاواز لە (تاراوگە) دوو ووڵاتی جیاوازدا (غالی شکری) کە ڕەخنەگرێکی عەرەبی یە دوو کەسی هەڵبژاردووە {عبدالرحمن شرقاوی قبل ثورة مصر (١٩٥٢(} و { عبدالرحمن البياتي قبل ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨}(٨)شکری تاراوگەو نامۆیی بوونەکە لەپارچە

پارچەکردنە ڕامیاریەکەدەبینێتەوەلەسەر ئاستی خەباتی ڕامیاری کەواتە ئەم دۆخە دوورە، لە تاراوگە و نامۆیی مەودای گشتی هەتاوەکو لەسەر ئاستی بەلاوەنانی خود (الرفض الذاتي) لەڕوویەکی ترەوە ئەم دابڕان و تاراوگەبوونە هەستێکی وەختی و گرژیەکە وەکو هەورێ بەهار دێت و دەڕوات بەڵام کاریگەری خۆی لەسەر دەروونی شاعیر بەجێدەهێڵێت .

هەمان دیاردە لە ئەدەبی عەرەبی عیبری دا هەیە واتە ئەو شاعیرە عەرەبانەی لەناو جولەکەکان دەژین پچڕاون لەزێدی باوباپیری عەرەبیان ئەم تاراوگەو دابڕان و نامۆییەکەی ئەمان گشتی یەتی و ئەبەدیە هەمیشەییە .

کەواتە شاعیریەتی شاعیر ، دەربڕی بەرزترین پلەی خودێتی نووسەرەو تەنیا و تەنیا ئەو ئەدیبەی خاوەنی خودێتی خۆیەتی دەتوانێ بانگەشەی نووسەرێتی شاعیرێتی بکا.

کەواتە ئەرکی شیعر لەوەدایە کە شاعیر لە تاراوگە .. دەگوێزێتەوە لە مرۆڤێکی دابڕاوی نامۆوە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی ئەمەیش دیاردە ئەفسوناوییەکەی شیعرە ئەم ئەفسوناویە لەکەوڵی ووشە شیعرەکان ی شاعیردا خۆ دەدۆزێتەوە .

محمد تۆزۆن (٩)(ویلات غەریبیە) واتە { نەتەوەیەك لەتاراوگەدا} ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە قەدەری ئەو ئەوەیە لە وولاتی خۆی دا دەبێت بەغەریبی بژی یان ئەوەیە لە تاراوگەیەکی دیکەدا بژی بۆ ئەوان نیشتمانیش هەر تاراوگەیە.

وەك مێژووی تاراوگەو دابڕان لە دیدی ئەکادیمییە عەرەبەکانیشەوە، (د. نوری محمود القیسی) (١٠)لە بەرهەمی (الاغتراب والاحكام النقديه عند العرب ) دەڵێت:

ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی دەوروبەرمان بکەین تایبەت ئەدەبی عەرەبی وا هەست دەکەین کە ( دیاردەی دابڕان و تاراوگە ونامۆیی) بە بۆنی یەکتری کەوتوون نووسەری زۆر وورد نەبێت شارەزایی تەواوی نەبێت لەڕووی دەروونی کێشەکانی خود بارە کۆمەڵایەتیەکە ناتوانێ بەسەرکەوتوانە ئیشی ئەدەبیان لەسەر بکات.

زیاتر جەخت لەسەر ئاستە دەروونیەکە دەکاتەوەو دەڵێت:

دابڕان وەك هەستێکی دانەبڕاو لەناو تاکەکاندا هاوبەشە لە وولاتی عەرەبیدا، لەسەر ئاستی دەروونیش بۆتە دەسەڵاتێکی بەهێز لە خۆنواندن دا تایبەت بەهۆی کێشە قورسە ڕامیاریەکانی وولاتی عەرەبی کە گورزی ستەمی داگیرکەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زۆرینەی وولاتەکانی گرتۆتەوە ... هەمیشە دەیگێڕێتەوە بۆ مێژووی زۆر کۆن کە هۆلاکۆ بەغدای گرت و وێرانی کردوو سەرچاوەی شارستانی و ڕۆشنبیری فڕێدایە ناو فورات و دیجلەوە ... پاشان

نموونەی ڕۆماننوسی عەرەبی دابڕاویش لە زێدی باوو باپیری وێنەی ڕۆماننوسی بەناوبانگ، بەبەرهەمە بەناوبانگەکەی (النخله والجيران)ی "غائب طعمة فرمان"یش لەو نووسەرانەیە ئاوارەبوون و تاراوگەیی ژیا لە هەموو بوارە جیاکانی و دەروونی و ڕۆشنبیرییەوە ، ئەمە هێزێك بووئەو توانایەی پێ بەخشی ، وایکرد سەرکەوتن بەدەست بهێنێ لە دروست کردنی پەیوەندییەکی بەهێزو پتەو لەگەڵ گیانی گەلەکەی و خۆشەویستی نیشتیمانە لێدابڕاوەکەی ، چونکە ئەو ئاواتی بوو گەلەکەی ژیانی چەرمەسەری ئازار و

چەوسانەوە بەجێبهێڵێ و بکەوێتە باری ژیانێکی خۆشی پڕ لە ئاسایش خزمەتگوزاری بەو جۆرەی داهێنەران بتوانێ لە پێگەی گەشەو بونیاتناندا ئەسپی خۆیان تاودەن و بگەنە ئاستی سنووری ئەو گەلانەی کە لە نیوەی زیاتری جیهاندا ژیانێکی مرۆڤانەی پڕ لە ویستی مرۆڤایەتی بەسەر دەبەن .

بۆیە ئەم نووسەرە خاڵی هەرە ڕووناکی ژیانی ئەوەیە کە لەو دابڕان و دۆخە پڕ لە خەمۆکی هەژاری و جەنجاڵ بە دابڕانی کۆمەڵایەتی و دەروونێکی ناسازدا توانی وەك خەو ئاواتێکی دوور و درێژ لە وڵات و گەلەکەی دانەبڕێت .

ئەدیبەکان ڕۆشنبیرەکان ڕەخنەگران ویستیان مرۆڤی عەرەبی لەم ناکۆکیە دەروونیە ڕزگار بکەن بەڕێگای ئەدەبی بیرۆکەی کۆمەڵێ وێنەی تازە لە دیدی مرۆڤی نوێ دا بێننە کایەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو تەوقی نەگبەتی و ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ و نامۆییە ئەبێ بە لە گەردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان دابکەنێ و ئەو سنوورە کۆنە خەماویە چەق بەستووە بەجێ بهێڵێت. ئەنجام کۆی بازنەی سەخت دروست دەبوو لەبەردەم ئەو خاوەن دیدانەدا بۆیە نەیان توانی بە ئاسانی خۆ ڕزگارکەن.. توانیان لە ئاستێکی نزمیش دا بێت خۆبەدەستەوە دانی هەمیشەیی لەخۆ بەدوور بخەنەوە لەم ڕووەوە وێنە ئەدەبیەکە تەواو تاریکی و گومان و دڵەڕاوکێ جۆرێك لە دابڕانی کۆمەڵایەتی دەروونی بەجێ هێشت.

جۆرەکانی دابڕان :

دابڕان پۆلێن دەکرێت بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:

١. بیرتەسکی: (ون کردنی ئینتیما)(١١) بۆ هزرو ئاراستەی نەبوونی مەیل و بۆچوون کۆمەڵی هزرو هەست کردن بە نامۆیی هزری و دروست کردنی کێشە لەبەردەم هەموو هزرو ئایدۆلۆژیایەك و ڕەتکردنەوەی ئەمانە بەبێ هیچ هۆکارێك.

٢. بیرتەسکی سۆز (١٢): گۆشەگیری یەکی بێ ئامان ژیان دادەپۆشێت دەستی هیچ بڕیارێك ناگرێتە خۆی لە بیابانێکی دڵ دەق دەدۆزێتەوە هەوڵی گۆڕینی ژینگە دەدات.

٣. بیرتەسکی کۆمەڵایەتی (١٣): لە دەستدانی پایەی کۆمەڵایەتی هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی ڕاکردن لە یاساو کۆمەڵ و ونکردنی ئینتیما بۆ خاك و نیشتیمان و گەل خۆ بە بێگانە و میوان زانین لەبەرامبەر کۆمەڵەکەیدا.

٤. بیرتەسکی دەروونی (١٤): شاراوەترین و کاریگەرترین فاکتەرە بۆ تێکدانی کەسایەتی کە نەیتوانیوە پێداویستیە کەسییەکانی خۆی دەستەبەر بکات (عدم تحقيق الژات) هەست کردن بە چەپاندنی دەروونی و پەچەکرداری هەستکردن بەبێ توانایی و بێ هێزی و بەشداری نەکردنی چالاك و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان ناکات هیچ کاریگەری دەرك و خودی نابێت ڕەشبینی و سەرکز دەبێت بەرامبەر دوا ڕۆژ. واتا ی دابڕانەکە لە ئاستی ئەم خودە دابڕاوە دا بە واتای دوورو دووری دێت، (الغربه). هەروەها بە واتای دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و کەس و کار دێ.

ووشەی دابڕان (الانقگاع و الانفصال) (١٥) دوورکەوتنەوەیە لە وڵات یا تاراوگەبوون. بەڵام وەك نامۆیی و دوورکەوتنەوەو تاراوگە بوون لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا پێ ی دەوترێ (**alienation**) (١٦) وە

وەرگیراوە کە بەواتا ئاوارە یان بێگانە دێت، بەڵام وەك فرمان (alienate) دوورکەوتنەوەو لێکترازانە هاوڕیەتی گوم کردنە بەم پێیەو ئەم بۆچوونە (alienate) بەرامبەری لە دەقی لادان و دوورخستنەوەو نامۆییە لە کۆمەڵگادا.

واتا و ناوەڕۆکی دابڕان

١. دابڕان لە بەها کۆمەڵایەتیەکان (دابڕانی کۆمەڵایەتی ).

٢. دابڕانی دەروونی .

٣. دابڕان لەزێدی باو باپیران ( دابڕانی نیشتیمانی ) .

دابڕان لە کتێبە کۆنەکاندا (مێژووی زاراوەی دابڕان ) لە نووسینە فەلسەفی یە لاهوتیەکاندا وەکو سفر تکوین (لە قورئان) لە کێشەی دابڕان مرۆڤ دەکات (قورئان – خواردنی گەنم و سێوەکە لەلایەن ئادەم و حەوا) دەرکردنیان لەبەهەشت بۆ سەر زەوی . لێکۆڵەرە دەروونزانەکانی وەك حافف ١٩٨٠ (١٧) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە (( بریتیە لە هەستی تاك لە ڕووی تەنگەژەیی و زۆرانبازی دروست بوو لە نێوان خودی مرۆڤ و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی بەشێوەیەك ئەو مرۆڤە هەست بە خەمناکی و پەژارە بەرامبەر ئەو ژینگەیە بکات و جۆرێك لە دابڕان دروست بێت کە نامۆیی دروست بکات هەڵوێستی نەگەتیڤ خۆی بنوێنێ. هەندێ جار یش دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی و پەشۆکاوییش)).

پێناسەی دابڕان لای دەروونناسێکی تری وەك (جەلال سعد)(١٨)ش بریتیە لە هەستکردنی تاك بەجیابوونەوەی لە خودی خۆی و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەکەی، کە تیا دەژی )." بە واتای هەستی تاك بەوەی کە بێ بایەخی خودی و ژیانی لەگەڵ گۆڕینی دابەزاندنی تواناکانی دوور لەخودی خۆی " .

"کەمال دەسوقی"ش دەڵێت:

" هەست کردن بە دوورە پەرێزی و وون بوون و بێ ئینتمایی و لە دەستدانی باوەڕ بەخۆبوون و هەست کردن بە خەمۆکی ، گرنگی نەدان بە کلتووری بەها پیرۆزە کۆمەڵایەتیەکان بەدوای ئەمانەدا نامۆبوون لەئاست ژیانی خێزانی و ... ئازاری جەخت کردن و پاڵە پەستۆی دەروونی.

لەبەر ئەوەی (دابڕان ) بارودۆخێکی نائاسایی یەو تەنها مرۆڤی نامۆی دابڕاو توشی دەبێت لەهەرپەگەزێك بێت واتە نێر بێت یان مێ لەڕوی گوازەرەشەوە بەدەیان پێناسەی نامۆیی کراوە بەڵام هێشتا چەمکی (دابڕان ) لێڵە و تەمو مژاوی یە و ڕوون نی یە بۆیە دانانی نەخشەی توێژینەوەیەك پێویستی بەوردەکاری و ڕێبازی زانستی چاك ئەنجامدان هەیە.

دابڕان لەئەدەبی کلاسیکی کوردیدا:

دابڕان لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بریتیە لە دابڕان لە زێدی دایك و باوك بە واتای جێگۆڕکێ، یان نەمان و بڕانی توانا و دەسەڵات، یان بە واتای بەدینەهاتنی مافەکانی ژیانێکی کەسی لە ژینگەیەکدا دەسەڵاتێکی ستەم دیدە تێدا زاڵ بێت، نموونەی ئەمەیش لای نالی لە " چامە"کەی بۆ سالم، یان خۆشەویشتییەکەی بۆ " حەبیبە" یان ئەوینی مەلای جەزیری بۆ سەلمای خوشکی میری بۆتان "خوشکی میری بۆتان" کە جیاوازی جینایەتی ئەو دابڕانەی دروست کرد، نەك تاراوگە،یان لاواندنەوەی مەولەوی بۆ " خاتوو عەنبەری ئەفغانی)

ئەم دابڕانانە هەموویان وەکو ئەدەبی کلاسیك لە سێ تەوەردا خۆیان دەبیننەوە( خود، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی)، کە ئەم سێ جۆرەیش لە ئەەبی کوردی نوێ و هاوچەرخدا بەردەوامە، بە پێویستی نازانین هۆنراوەیان بۆ بهێنینەوە، جوونکە تەنیا گەڕاندنەوە بۆ ئەو مێژووەی کە خستەمانە روو بابەتەکان بەهێز دەکات.

بەشی دووەم :

پاری یەکەم:

ژیان وبەرهەمی دلاوەر قەرەداغی:

ژیانی وبەرهەمی دلاوەر قەرەداغی :

لەدایك بووی سلێمانی ساڵی ١٩٦٣

خوێندنی سەرەتایی وئامادەیی لە سلێمانی و زانکۆی لە بەغدا تەواو کردوە

ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سویدە

بەرهەمە شیعریەکانی :

پەیکەرییێك لەباران ١٩٩٢، تەیرەکانی ئیسماعیل ١٩٩٦، عاري تماما كالماء ٢٠٠٠، ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لەتەنیشت بیابان ٢٠٠٤، مەلەك ریحان ٢٠٠٥،پایزانە ٢٠٦، ڕەنگی خۆڵ ٢٠٠٧، من لەشارێکی زۆر دورم ٢٠٠٨، گەڕەکی شاعیران ٢٠١٠، ڕەنگی خۆڵ (بەفەرەنسی)٢٠١١ ، لەتەمدا دیارنیم ٢٠١٢.

وەرگێڕان :

لەبواری وەرگێڕانیشدا ٢٦ پەرتوکی هەیە لەفارسی و عەرەبی وسویدیە وە وەریگێڕاون ١٣ یان لەزمانی سویدیەوە ٧یان لەزمانی فارسی یە وە ، شەشیشیان لە زمانی عە رەبی یە وە .

ئەوبابەتانەی لەسەر دلاوەر قەرەداغی نووسراون:

لەسەر ئاستی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانیش لای هەندێکیان لە دابڕانی دلاوەر قەرەداغیدا پەیامی دابڕان بریتییە لە گەڕان بەدوای قۆناغی منـاڵی و هەڵسـەنگاندنی یادەوەرییەکانـە، جونکـە دلاوەری گـەورە هێمنییەکەی پێوە دیارە و یادەوەرییەکانی پێوە دیارە و لە جیهانێکی بچووکی پڕ لە شەفافییەتدا گەمـەی هێما و واتا دەکەن. ئێمەیش پێمانوایە دلاوەر لەو مەلەوانە دەچێت کە لەگەڵ شەپۆلەکاندا پاڵەشەکێیەتی و لە دەریاوە بەرەو زەریا هەنگاو دەنێت. کەواتە سانایە کە دلاوەر وەکو شازادەیەکی بەختەوەر لە منداڵیـدا بمێنێتەوە.

(یۆنیگ) (١٩)دەڵێت:" داهێنان لە هۆنراوەی سایکۆلۆجیای ئەدەبدا بریتییە لە هەبوونی بەهرەیەکی تایبەت کە لای تاکە کەس گەشە دەکات بە گوێرەرەی مەودای ڕۆشنبیری قۆناغ بـە قۆنـاغ، بـەم پێـورە دلاوەر لـە کاسەی داهێنان شیعری تۆش کردووە." لە بەشێکی توێژینەوەکەماندا ورد باسی نموونەی دابڕانی دەروونی دەکەین.

نووسەرێکی نوێخوازی عەرەبی، وەك (ئەحمەد عەبدول حوسێن) بەم شێوەیە وەسـفی هۆنراوەکـانی دلاوەر دەکات: شیعری دلاوەر تا ئەوپەڕی داهێنانی خۆرهەڵاتیانە، شـیعرێکن یـادەوەریی و هێمـا ئەفسـانییەکانی

ڕۆژهەڵات بە بۆنی دارگوێزی کوردستان و دارخورمای عەرەبساتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتوون. ئێمەیش دەڵێین ئەم دیدە نوێخوازە هاوچەرخییە مـوژدەی دەقئـاوێزانێکی داهێنانـە نـەك لاسـایکردنەوە و پەرتبوونە.

هاوکاتیش ڕەخنەرێکی عەرەبی وەکو (حوسەین لەتیف٢٠)لەوتارێکدا بەناوی" رووتوقووت وەکو ئـاو" کـە هۆنراوەیەکی دلاوەرە ئەم نووسەرە هێندە زانستانە شیکردنەوەی بۆ بابەتەکە کردووە یەکسـەر خوێنـەر وا لێدەکات وا بزانێت (حوسەین) جەمکی( دووانە) بیری دلاوەر. ئـەوەیش دەردەخـات کـە دلاوەر هەمیشـە خەمێك و جانتایەکی پڕلە تەنیایی وا بەکۆڵییەوە.

لەسەر ئاستی مێنییەش پەیوەندی کەسی دلاوەر لەگـەڵ (نەزەنـد بـەگی خـانی) لـە گیانێـك دەچـن لـە دوو جەستەدا، ئەو پێی وایە کە دنیابینی دلاوەر جیهانێکی تایبەتی ئێستاتیکایە و پەیوەستە بە گوزارشتکردن لە خودێکی خەماویی لێوان لێو لە ئاوات.

پێنوسێکی نوێی وەکو (ئارام سدیق) (٢١)کە شیعر بەتەمنترین ژانری نێو مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنێت دەڵێت: دابڕان لای دلاوەر قەرەغی وەك شیعری پاش هەشتاکان سەنگەرگرتنە لە دوژمن. ئێمـەیش دەڵـێین شیعرەکانی دلاوەر وەکو ئەدەبی هاوچەرخ خەباتێکی بەردەوامـە، شمشـێر هەڵکێشـانی داهێنانـە بەرانبـەر بەستەم دیدەیی ئەو دەسەڵاتەی کە دلاوەری لە هەشتاکاندا دەربەدەر کردووە.

لێکوڵەرێکی وەکو ئازاد سوبحیش (٢٢) دەڵێت: نووسین و منداڵی دوو دەربڕینن لەسـەر زەمـەن لێکـدوور دەکەونەوە دوو کەوتنەوەیەك تا ئەو ئاستانەی کە ئاماژەیەك نـامێنێ بـۆ نزیکبوونـەوە، کەچـی دلاوەر لـە باگراوندی یادەوەرەییەکاندا هێندە نزیکن، وا دەزانی وەکو زۆرانبازی بەریەك دەکەون، تایبەت لە هۆنراوەی " ئەسپە جوانەکەم، ئەسپە گلاوەکەم" ئێمەیش دەڵێین دلاوەر وەکو ئاسـتی دەروونـی کـەڵکی لـە " فرۆیـد" وەرگرتووە لە سیفاتی جۆلاو ناجێگیر، کە توانیویەتی نە ئێستا قبووڵ بکات نە واقیعی دەقەیش سەرشۆڕش نەبێت بۆ جووینەوەو لاسایی کوێرانە، بەڵکو دلاوەر جۆرە ئامادەگییەکی بۆ داهاتوو کردووە لە سێبەری تاڵی دابڕانـی ئێسـتادا. دلاوەر خۆیشـی دەڵێـت: لـە نێـوان پەیکـەرێ لـە بـاران و هـاتن بـۆ هـەموان نییـە، زۆر ئەزموونێکی بچووکۆلانەم هەبوو لەگەڵ ترس و نیگەرانی سەفەردا تا ڕادەیەك کاریگەرییان بەسـەر زوبـان و ڕوانینەوە لەخۆم و لەدونیا و هەنگاوەکانی دواترمەوە جێهێشتووە؟.

ئێمەیش دەڵێین تاراوگە بۆ شاعیر دوورکەوتنەوە لە خاك و کەسوکار لایـەکی رووخـانی دەروونییـە و لایـەکی تریشی منی باڵا (سۆپەر ئیگۆ) دەکەوێتە نەشەوگەشە و پێوەرەکانی مۆڕاڵی بەها و دابونەریتی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیریی و ململانێکان دەبنە هێزێك و ئەنجام ئەم بەرهەمانە ( پایزانە و پەیکەرێك لەباران، لەتەمدا دیار نیم، تەیرەکانی ئیسماعیل، لەگەڵ دامون) لەدایك دەبێت.

بۆیە سانت بیف(٢٣) لە لێکۆڵینـەوەی کـاری ئەدەبیـدا ژیاننامـە و قۆنـاغی منـاڵیی و ئـازارە دەروونییـەکان بەجۆرێك لەداهێنان لەقەڵەم دەدات ئەمانە هزرو بلیمەتی فراوان دەکەن. لەبواری نامەنووسینیشدا کە بۆنی شیعر دابڕانە و غوربەت و نامۆییە، ژمارەیەك نامە دەست لەسەرسنگن لەچەند کەسایەتییەکی دیار لەبواری ڕۆشنبیریی و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتییدا وتوویانە:

يەكەم: نامەی جەمال غەمبار (٢٤)لە رێكەوتی (١/١٢/ ١٩٩٩)، دەقی بەشێك لە نامەكە:
هاورێی ئازیزم دلاوەر گیان غەریبت دەكەم هێندەی غەریبی خۆت لەوێ، نە دەبا فیراقی ئێوە هێندە دڵڕەقانە بەناخمدا رۆبچێت، نەدەبا دووكەوتنەوەتان هێندە بێبەزاییانە دڵی شیعرم بلەرزێنێ، هەموو رۆژێك بیرتان دەكەم، هەموو ئێوارەیەك كراسێك خەم دەگرم.....
كرۆكی پەیامی نامەكە پڕە لە شەیدایی و خۆشەویستی و برایەتی و ئەمەك. ئەوەیش دەگەیەنێت كە جوگرافیایی شیعر و جوگرافیای یادەوەریی لە سپێنە و رەشێنەی چاو دەچن، بۆیە (سلێمانی ) و ( سوید) لە ساتە وەختی دابڕانی شیعردا گەواهیی بێسنووری لە میانی یەكتردا بۆیەك دەدەن. وشەكان دەنگی زەنگی دابڕانن، دروستبوونی داهاتوون نە رووخانی ئێستا وەكو خودی مرۆڤی شاعیر.
رێبوار سیوەیلیش (٢٥)لە وەڵامدانەوەی كارتێكی دلاوەردا بەم شێوەیە لە (دانیمارك) ەوە بۆ (سوید) هەستی دابڕانی خۆی بۆ دلاوەر دەردەبڕێت و دەڵێت:
سوپاسی زۆرم بۆ تۆی ئازیز كارت و هەواڵەكان شیرینن ( تامی بەرسیلەكەت ) زۆر جوان و قووڵ بوو، زۆرم پێخۆش بوو كە فریای گۆڤاری (بینین) كەوت و بی خەتێكی جوان و گەورە دابەزێندرا، دلاوەر گیان وەزعمان زۆر خراپە، بەشكو (چۆمان هەردی٢٦) بەسەر بكەیتەوە جونكە زۆر تەنیایە و خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر كارت و نامەی هاورێیانی پێبگات. پێمانوایە دابڕان لە گۆشە سۆسۆلۆجیاكەوە پێكەوە بەستنێكی راستەقینەی دروستكردووە و خەڵكی دابڕاوی تریشی بەسەركردووتەوە، وەكو كورد فەرموویەتی:" گڵی دوور دەرمانە" بە واتای ئەوەی كە تاراوگە شێوەی دابڕانەكەی لە دەستە گوڵی خۆشەویشتیدا پێشكەش كردووە.
هەروەها چیرۆكنووس و رەخنەگر و نزیك لە هونەر هەستی خۆی لە دابڕانی دۆخەكەدا دەردەبڕێت و دەڵێیت: پێم خۆشە كە دەڵێی ئارامم، چونكە من نەمتوانی ئارام ببم لەوێ، خۆزیا دەمتوانی، دیارە من بونەوەرێكم زۆر سەخت، هەر دەبێت لەتەك دۆزخەوە بژیم، لەتەك خەمەوە، لەتەك رووبارێ ئەسرینەوە، خۆم وەسفی خۆمم بۆ ناكرێت، هەر دەبێت دوای خەونە دۆڕاوەكانی خۆم بكەوم و نەیگەمێ، هەنووكە لە دۆخی متبووندام. دلاوەر خۆ ژیان لەوە جوانتر نابێت كە هەیە هەر چەندە من زۆر ناچیزەم، زوو زوو بە شتی بێمانا دڵی خۆم خۆش دەكەم، بەوەی لەسەر جۆڵانەی حەوشەكەمان دانیشم و سەیری ئەستێران بكەم
ئەدەب: بریتیە لە هەوڵدان بۆ نووسینەوەی ئێستا پێش ئەوەی تێپەڕێت . بەڵام نووسینی و زمان هەمیشە لەچاو هەستەكاندا دواتر دەگەنە ئەوەی هەستی پێدەكەین و ئەوەی لە زماندا وەك ئەزموونی ئەو هەستكردنە دەینووسی لەڕووی كاتەوە دووشتی جیاوازن.
ئەوەی من لە دابڕان فێربووم پێ ی گەیشتم ئەوەبوو كە من سەر لە نوێ بەزمانی دایكم ئاشنا بوومەوە، من سەر لە نوێ فێری ئەو زمانە بوومەوە كە پێشتر لێم قەدەغەكرابوو پێی بنووسم و بخوێنمەوە . ( هەولێر ١٩٩٩)
هەڵبەتە كرۆكی ئەم نامەیە لای ئێمە هەرچەندە شێرزاد حەسەن(٢٧) لە كوردستانە و ئاڵای هەرێم بەسەر سەرێییەوەیەتی و بەڵام دابڕاو دڵەڕاوكێیەتی، چونكە خودی ئامانجەكانی بەدی نەهاتوون. ئەمیش لە

دابڕانەکەی (فیورباخ ١٨٠٤–١٨٧٣)دەچێت (٢٨)کە دەڵێیت: دابڕان هێزێکی هزری شاراوەیە زاڵدەبێت بەسەر دەسەڵاتی مرۆڤداو تووشی (ئەنتی کەسایەتی) دەبێت.

هاوکاتیش لە دیدی (ئەریك فرۆمەوە) (٢٩) ئەم دابڕانە لەدەستدانی پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ بوونی راستەقینەی خۆیدا بەپێی دۆخ و رۆژگار.

کەژاڵ ئەحمەدیش(٣٠) بە (قەسیدەی سەراب) بە تەوەرکردنی واتا نامەیەك بۆ دلاوەر دەڕازێنێتەوە و دەڵێێت: سەرابم خوێندەوە جوان بوو، بە قوربانی بووم، هەر لە عینوانەکەیەوە تا دەگاتە بە دوا وشە و دوا خاڵ، بەردەوامە دلاوەر قەرەداغی دنیا بەو شیعرانەوە دنیایە..... ئێ بەراست هیچ قسەیەکی ترم نییە تا پێتی بڵێم، لە کۆتاییدا خۆشەویستی و ریزم هەیە بۆت ( کەژاڵ ئەحمەد ١٦/ ٨/ ١٩٩٥ ئەربەئیلۆ) کەژاڵ ئەرکی شیعریەتی شاعیر ڕادەگەێنێت

ئەرکی ئەدەب دەبێت باسی مرۆڤ بکات بە پێی ئەو ئایدۆلۆژیانەی بڕوای پێ ی هەیە، وەك کەسێك کە لە ژینگەیەکی دیاریکراویدا دەژی، هەروەکو کەسێکیش کە هاونیشتمانیەکی جیهانییە.. ئەو هۆکارەی کە شاعیر دەکات بە مرۆڤێکی ڕاستەقینە: ئەو زمانەیە کە قسەی پێ دەکات و پێی دەنووسێت، کەلتوورەکەیەتی ، کەلتورێك هەڵگری کۆمەڵێ خەسڵەتە سەرەڕای بیروبۆچوون و بڕیارە پڕ بەهاکانی بە ژیاری ڕۆژانە و هەر هەموو ئەو شتانەی پێی دەوترێت شێوەی وتن و دەربڕین مەسەلەکە گفتوگۆ و ئالوگۆڕە شێواز و حاڵەتی کارکردنی مێشکە.

دابڕان لەئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا:

ئەگەر بمانەوێت بپرسین بڵێین کێ دابڕاوە؟ وەڵام دابڕاو جیابوونەوەی مرۆڤە لە خودی خۆی لەگەڵ دژایەتیکردنی ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەدا باوە، بۆیە (جان جاك رۆسۆ ١٧١٢–١٧٧٨) یەکەمین کەسە زاراوەی دابڕانی بەکارهێناوە و پەردەپۆشی کردووە بە نامۆیی و پێی وا بووە کە (کاتێك هەندێ لە نوێنەران بە نوێنەرایەتیکردنی گەل هەڵدەستن، ئەوا ئەو گەلە دابڕاوە سەروەیرێتی خۆی دەبێت.) لەسەر ئاستی ئەدەبی کوردی نوێ و هاوچەرخی کوردیش پەشێو و بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانیع و شێرکۆ بێکەس و بابی لالۆ و جەمال خەمبار و کەسانی تریش دابراون لە زێد و نیشتمانیان، هەر بۆیە دەتوانین بە متمانەیەکی زۆرە بیانخەینە ئەم نەخشەیەوە دوور جیهانی سیاسەت، جونکە ئەەب پەیامی رووحە و گەشەپێدەری ژیانە. لەم مەودایەدا دلاوەر قەرەداغی بەرهەمەکانی دێتە بەر چاو و زیادەڕوویش نابێت شیکردنەوەی هاوچەرخ بۆ دەقە شیعرییەکانی بکرێت.

پێش هەموو شتێك پێویستە بزانین کە چەمکی دابڕان زیاتر لە تەراوگەدا دروست دەبێت، چونکە چەمکی تاراوگە، یان (دیاسپۆرا) لاتینییە و چەمکێکە مانای تایبەتی خۆی هەیە و هەر وا ناکرێت بەگشتی بەکاربهێنرێت. لایەنە ئەدەبییەکەی (تاراوگە) چەمکێکە دابڕان و نامۆیی و جیابوونەوە لە خۆدەگرێت، یان لەسەر ئاستی گرووپێکی کولتووری، یان ئیتنێك لە دەرەوەی خاکی دایك واتا (هەندەران) بەکاردەبرێت، هەندێ جاریش وشەی (هەندەران) و چەمکی (تاراوگە) جاوازییان هەیە، بە نموونە جولەکەکان کە سەر خاکی (ئیسرائیل) هەڵکەندراون و لە شوێنەکانی دیکە دەژین، بۆ نموونە لە وڵاتی (یۆنان) ئەو جولەکانە پێیان

دەوترێت (جولەکەی دیازپۆرایی) (٣١) بە واتای جولەکە دابڕاوەکان لە خاکی (ئیسرائیل)، کوردەکان وەکو جولەکەکان لەسەر خاکی خۆیان راودەنرێن و دەربەدەر دەکرێن، هەر بۆیشە هەمیشە جولەکە و کورد وەکو قوتابخانەی مێژووی بەراودی فەرەنسی هەردووک دابڕاوی تاراوگەی خاکیانن.

لێرەوە دەگەیەننە ئەو ئەنجامەی بڵێین (جولەکەی تاراوگە)، یان (کوردیی تاراوگە)، یان (ئەرمەنی تاراوگە).

هاوشێوەن لەچەوساندنەوەدا

ئەمڕۆ پاش راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) و لەناوچوونی رژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) داو رۆشنبیران و شاعیران و نووسەران ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەکادیمیستەکان تا ساتی نووسینی ئەم توێژینەوەیش دابڕاون لە زێدی باوباپیران، هەر چەندە ژمارەیەکی بەرچاو لە فەیلەسووفان پێیانوایە نووسەری داهێنەر لەناو خێزان و ژینگە و کۆمەڵگەییدا نامۆ و دابڕاوە. هەر لە کۆنیشەوە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا دابڕان بە واتای جیابوونەوەو جێگۆرکێ و کەرتبوون و پەرتبوونی دەروونی بە پێوەرە کۆمەلایەتییەکان هەڵدەسەنگێندرێت. بۆیە لەسەر ئاستی رۆژئاوایش (تۆماس هۆبس، شیلەر، هایدگەر، رۆسۆ، کامۆ، سارتەر، کارل مارکس) ئەم دابڕانە لە (هاملت)ەکەی (شکسپیر) دا بەدی دەکەن. لەرووی مۆزیکیشەوە (بتهۆفن) لە (سۆناتەکانی) دا زیندووبوونەوە و سزا لای (عیسا) رادەگەیەنێت. هەروەها (فرۆید) (٣٢) یش لە بیروبۆچوونە سێکسییانیدا هەمان بیر رادەگەیەنێت. لەسەر ئاستی ئەدەبی خۆمانیش دابڕان لای قوتابخانەی (سۆفیزم، دەروێشیزم) لە دابڕانی نالیدا لە ئەمارەتی (بابان) و دابڕان لە (حەبیبە) و هۆنراوەکانی (بێسارانی) لە دابڕان لە (ئامینە خانی پایگەلانی) و زۆر نموونەی تریش ئەدەبی کوردی کۆنی دەوڵەمەند کردووە.

پاری دووەم :

دابڕان لە بەرهەمەکانی دلاوەر قەرەداغی دا :

یەکەم: دابڕانی کۆمەلآیەتی لە چەند بەرهەمێکی دلاوەر قەرەداغیدا

دابڕانی کۆمەلآیەتی، هیگڵی فەیلە سوف دەڵێت(٣٣): (لە کتێبی دیاردەی عەقڵی تەواو، سروشتی مرۆڤ جووتەو تاک خۆی دەنوێنی، بۆ دەستەواژەی رێککەوتن نامەش لەگەڵ ئەم دیدەدا دەگگونجێت. هەر سەبارەت بەم دابڕانی کۆمەلآیەتییە)، کۆلن وێلسنیش (٣٤) دەڵێت (دابڕان وێنەی بوون لە تێڕوانیندا دەگۆڕێ و خود ناساز دەکات، تا وای لێ دێت جیهان لە دیدی ئەو خودەوە بەهایەکی نامێنێ) . کەسێکی وەکو (عەبدولرەحمان مونیف) لە پەڕاوی نووسەر و تاراوگەدا (٣٥) دەڵێێت: ( دابڕان بەشێکە لە سایکۆلۆجیای ئەفراندن، لەلای ئەدیب و رۆشنبیران لە چەمکی زیرەکیدا شۆڕ دەبێتەوە). لێکۆڵەریش دەڵێت راستە لە مەسەلەی داهێنان و ئەفراندا زیرەکی مەرجە، بەلآم هەموو شتێك نییە، چونکە هاوشانی زیرەکی پێویستە بەهرەی داهێنانیش هەبێت.

کارل مارکسیش (٣٦)دەڵێت : (گوزارەی دابڕان پڕاوپڕ دابڕانی خودە لە چالاکییە ئابورییەکان بەوەی دەستکەوتی ئابوری تاك تێریت بۆ خۆت پێوە دیار نەبێت) کەواتە دابڕان لە ژیان دا " وا دەکات بە ئەزموونێکدا گوزەر بکەین .. ئەم ئەزموونە جۆری لەگەلآی گەشە دروست دەکات ... پاش ماوەیەك دەکەوێتە لاپەڕەکانی پاشکۆی و بەجێی دەهێڵێت.

دابڕانی مرۆڤ لە نەوەی دوای خۆی ئەو شەپۆل و بزاڤە نوێیەکانی ڕوو دەکەنە هەر کۆمەڵگایەك لەکاتی دابڕان نووسەر یان شاعیرێ یا ڕەخنەگرێ ئەو کاتەی ئەوان بەهەر هۆکارێك بێت ، کە دوور دەکەونەوە لە زێدی خۆیان ئەم پچڕانە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە خێراکان دادەکات ، بۆشاییەك نەمێنێتەوە کاتی بیرکردنەوە ووردەکاریش تەسك خۆ دەنوێنێ بۆیە ساتەوەختی نووسینی هۆنراوەیەك یا کورتە چیرۆکێك کاتێکی چڕی دەوێت بۆ داڕشتنی باش و جۆرێك لەبەرزی پێکهێنان ، هەرچەندە ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمانە جۆرێکن بڵند گۆیی و قیژاندن بە ڕوویاندا... لەتاوی گڕی بارو دۆخ و چەکای چەکی قورسی ژیانی دەربەدەری و نامۆبوونی دەروونی و گیانیمان.

بۆیە لێرەدا دوو خاڵی گرنگ بەدیار دەکەون بۆ بەرەو پێشچوونی ڕۆمان یەکەمیان : زەینمان و ژیانی ڕۆژانەی پڕ لە مەینەت و خەممان وا دەکات ڕوو وەرچەرخێنین لە چەند کتێبێك کە نەیخوێنینەوە ، چونکە کێشەکانی ناوەندی ئەو کتێبانە تەنها ئەو ئازار و کێشانەن ، کە ڕۆژانە لەبەردەم خۆمان داو لە کۆمەڵگای خۆمان دا دەردەکەون.

بۆیە "دلاوەر قەرەداغی" لە ڕووی ڕێکخستنی هۆنراوەی کۆمەڵایەتییەوە وەك مێژوو دەیسەلمێنێ ، کە دابڕانی کۆمەڵایەتی هەیە ، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

مالێك لەناو زەریا
مالێك لەتەنیشت بیابان(٣٧)
ئێوەم بینی ،
پێکهاتەیەکی سەیر بوون لە گومانا
لەخۆ کوشتنێکی بەکۆمەڵ دەچوون و
نەدەچوون،
لەتەنیاییەکی ڕاونراو دەچوون و
نەدەچوون

گێڕانەوەی مێژووی نەهامەتی گەل لەلایەن شاعیرەوە بەشێکە لە ئەرکی شۆڕشگێڕی ، خۆتەرخان کردنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەل پەردە لادانە لەسەر ستەمێکی زۆر ڕەق ئەستووری دەسەڵاتێ کە مرۆڤایەتیان ژێر پێ نابێت .

کۆتاییەکی قووڵ بوون بۆ ڕۆچوون
سەرەتایەکی پێچاوپێچ بوون
بۆ ونبوون
هەمووان بەتفاقی سەفەرەوە
مەلەکانیش بەتفاقی فڕینەوە لەوێ بوون (٣٨)

بۆنی ئەنفال و جینۆساید و قڕکردنی کورد دێت لەم هۆنراوەیەدا ، بەڵام بەشێوەی تابلۆیەك پڕ لە ئەفسوونی پێچاوپێچی دەروون ناسازی دابڕانە لە بۆشایی خولانەوە.

من لەوێدا.. لەو نزیکانەوە

لەدوورکەوتنەوەیەکی زەیتوونی

دەچووم نە دەچووم (٣٩)

خودی شاعیر شاعیر نوێنەری تێکەڵاوی ئەو گەلە چەوساوەیە کە دانەبڕاوە.. لەگۆی خەمەکانیان بەڵام هەندێ جار خۆی چواندووە بەو زەیتوونەی سەربەست نەبووە لەبەر ژیان دوورکەوتنەوەی جەستەی ڕوواندن لە دەستە خوشکانی .

پێکهاتەیەکی بینم بووم

لەتەنیایی

من لەوێدا .. لەو گالیسکەیەدا بووم،

پەپوولە دابویە دڵم،

کە ئێوەم بینی! ٤٠

ڕەنگە لەم هۆنراوەیەی سەرەوەدا وێنەی هۆنراوەیی بۆ لەوچوون لە دەوروبەر لە ئاستی قۆناغی بەرپرس و دەسەڵاتی ناعەدلی بەرامبەر شاعیر کە ئەم خۆی بەنوێنەری ئەو خەڵکانەی دەوروبەری لە شوانکارییەکەوە تا دوایی.دەزانێت یادەوەری هاوڕێ یان و کێشەی فیمینیزم هاوڕێیەتی دابڕانی دەروونی پەسەنکردنەوەی ئافرەتێکی شاعیر کە کەژاڵ ئەحمەدە، دلاوەر بەیادی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەوە

لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە

من کەژاڵم

ماڵەکەم هەر لەوسەری کۆڵانی شیعرەو

بۆخۆم

هۆدەو هەیوانێکم هەیە

لەتەنیایی (٤١)

شاعیر پەنای بردۆتە بەر کێشەی ئافرەتیش بەسەرکردنەوەی هاوبیرێکدا کە (کەژاڵ ئەحمەد) ی شاعیرە پەیامەکەی ئەوەیە لەناو کورددا نەك پیاو کە ئافرەتیش شاعیر بوو دوورە پەرێز دەمێنێتەوە ناتوانێ ئەو دۆخە بڕەخسێنێ کە هەموو پیاوێك ببێتە هاوسەری .

دابڕان و تەنیایی دوو ڕوویی هەیە لە (کوێنتێ) دەچێ دوو ڕووی هەبێ ڕوویەکیان هێشتا لەژێر باری غەم و نامۆیی و تاسەدا هەیە نابێ بەحاڵ ژیانی تیابێ لەنێوان مان و نەماندا سفت سوێی بێ، بەڵام لەپڕ نزیك بوونەوەی لەتارمایی بینینی خۆشەویستان و دۆستان و وزەی باوەڕبەخۆبوونی گەڕانەوەی متمانە دەبەخشێ بە مرۆڤ .

نە مامۆستای ئینشاش دڵی دێ

من و (هەورامان)

لە گۆشەیەکی پۆل دا ڕاگرێ و

ناچارمان کا دەجار لەسەر یەك پێکەنین
" ئێمە دەمرین بەڵێن بێ تاماوین
نە پێکەنین و نە شیعریش بنووسین" (٤٢)

ئەندێشە جیهانیکە وەك خەون ، بیر تیایدا گفتوگۆ دەکات . ئەندێشە جیهانێکی ئەنتۆلۆژی تایبەت بەخۆی هەیە ، تازە کە رەوەیە لە ناخی گێڕانەوەی یادە وەریە کاندا هەیە و پاڵنەریشە بۆ جۆرێك لەداهێنان بۆیە لێرەدا پەیوەستە بە جێگای شاعیرو هەورامان کاریگەریشە لەسەر ٢ کاری شیکاری پەسنی بۆ مێژووی ئەدەبی هاوچەرخ فاکتەری ووردەکاری و (باگ ڕاوندی) دەوێت ئەنجا ئەرکی شیکاری بەچاکی جێ بەجێ دەکرێت لەگەڕەکەوە لەسێو فرۆشەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی کۆرنتۆلۆژیای ڕیزبەندی بەخێزان دەستپێکردووە بە قوتابخانە دوایی دێت پەیامی بیر سزای مامۆستا سەرنەکەوتووە بۆ ئەو قوتابیانەی کە بزۆزیان تیابووە وێنەی شاعیرو هەورامان ناوێ .

سەفەری فاتمە
من ئەوم
ئەوێك کە ئیدی لەچارەی نووسرا
دەبێ تاماوە لەو دیو پەنجەرەوە و لەژێر باراندا
سڵاو بکا لە ژنانەی کە بەخەمباری لە دایك بوون و
بە خەمباری مردن (٤٣)

تاراوگەو دابڕان ئەوئەدەبە دروست دەکات کە مێشك گوشینی تیانی یە بەڵکو لەناخی ناخەوە هەڵدەقولێ دابڕان ئەو ئەدەبەیە، کە بە مێشك گوشین دروست نابێت، بەڵکو لەناخی ناخەوە هەستی پێ دەکرێت، بۆیە ئەرکی شاعیر لە نەخشەی دابڕانەکەدا هەندێك جار بۆنی ئایینی لێ دێت... وەسفی تێهەڵچوونی فەلسەفە ئاینییەکە زۆر زەق نییە بەڵام دار و پەردووی باوەڕیش (بەهات و نەهات) دانەڕووخاوە بۆیە شاعیر خۆی دایکانی نیشتمانی سکپڕی بێ کەس هاوتاکردووە ئەم لە خەما دەمرێ منداڵەکانی دایکانیش لە هەژاری و بێ دەرامەتیا.

سڵاو بکا
لەو ژنانەی کە لەوەتی هەن قژ دەڕننەوە
لەوەتی هەن بەژانەوەن
لەوەتی هەن سەر دەبڕدرێن و هەتك دەکرێن و
لەوەتی هەن لێوانلێون لە تووڕەیی
لەزریکە (٤٤)

دابڕان هێندە بە سوێیە، وشە شیعرییەکان ئازاریان لێ دەتکێت، کە لە چڵە پۆپەدا خودییەو دواجار کۆمەڵایەتییە.

دایکی شەهید دایکی بەندکراو دایکی هەتیوان لەکۆی شۆڕشەکانی جیهان دا وەسەچیلەی بڵێسـەی شۆڕشـن باجی ئەوان ئەدا خوێندان و جەرگ سووتانە لێو هەڵقرچانە نەك دراو بێت ڕۆژێك لەلای میر درەوشاوەو ڕۆژێك لای گزیر دڵخۆشکەری ژیان بێت.

باخچەی پاشا

دواجارێ

لە دڵی خۆدا شتێك دەژمێرم

چپەیەك سەرنجم بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ

تومەز ئەوە

چپەی شەقامە لەگەڵ خۆی

چپەی تەنیاییە لەگەڵ خۆی (٤٥)

لایەنی کۆمەڵایەتی دواجار بەئاگا هاتنەوەی شاعیرە، دوای ئەوەی ئەو هـەموو شـتەم لێکدایـەوە بینـیم کـە لەسەر شەقامێك لەگەڵ تەنیایدا پیاسە دەکەم.

بەو منالییەی خۆمەوە

تێ دەگەم

نەسەبی هەموو تەنیاییەکان

دەچنەوە سەر یەك ڕەگی زویان

تێی دەگەم

ئێمە هەموومان بە ڕەچەڵەك

فەرزەندەی یەك تەنیا بینی.. بێ سنوور(٤٦)

هەرچەندە من ئەوەندە خۆم بەتوانا نازانم، کە بتوانم لێکدانەوە بۆ شتەکانی بکەم، بەڵام لەوەگەیشتووم ، کە هەموو تەنیاییەکان یەك ڕەگیان هەیە.

لەوەش تێگەییم ، کە ئێمە لە جیهاندا توشی تەنیایی دەبین لەبەرچی تەنیا دەبین، کە هەموو تەنیاییـەکان وەکو یەك وابن ، یەك ڕەگ بنچینەیان هەیە.

دووەم: دابڕانی دەروونی :

ئەلفرێد ئەدلەر ١٨٧٠ – ١٩٣٧ یە کێك بووە لە دامەزرێنەرانی زانستی دەروون شیکاری لە ڤیێننا ، پاشان بوو بە سەرۆکی ئەم دەستەیە لە گەڵ فرۆید (٤٧)(١٨٥٦-١٩٣٩ ) کاری دەکرد لە نێوان ساڵانی (١٩٠٢-١٩١١ ) دواتر وازی هێنا و سایکۆلۆلیژیای تاکی دامەزراند و زۆر کاریگەری هەبوو لە سەر زانستی دەرون شیکاری ئەمریکی ، بنەمای ئەم دەروون شیکارییەی لای ئەدلەر لە هەستی (خۆ بەکەم زانینی کردە بنەمای کارەکانی )هەندێ لە بەرهەمەکانی دلاوەر قەرەداخی لە یادە وەری قۆناغی منالیدا لەم بنەما دەروونیەوە نزیکن

دابڕانی دەروونی ئەو دابڕانەیە، کە دەزووی پەیوەندی کەتوار لەگەڵ خوێنەردا ناپچڕێنی و بەڵکو خوێنەر فێری خۆڕاگری دەکات لەگەڵ بەخشینی تاڵێکی ئاڵتونی لەبەرگە گرتن بەرانبەر ئەو ئازارانەی، کە خودی تاکی تاساندووە، تایبەت ئەو هۆنیارانەی، کە لە ژێر دەستەیی و هەژاری و نەخۆشیدا ئەو پاڵە پەستۆ دەروونیە بەرو دابڕان هەنگاونان بەرەو تاراوگە، هەنگاوی پێ هەڵگرتوون، بۆیە هەندێ جار ڕۆمانسییەت لە هۆنراوەکانیان دەبارێت.

پاییزانە

ئازیز ئەم گۆرانیە بۆ تۆیە

بۆ تۆیە ... کە دەمەوێ بەزووبانێکی تر بدوێم و

کە گەرەکمە لەە زەمەنێکی تردا خۆشت بوێم

من هەنووکە زۆر لەوە ماندووترم کە بتوانم

بدوێم

زۆر لەوە ڕووت و قووتتر کە تازە

جورئەتی نیشتنەوەم هەبێ (٤٨)

تاراوگە و دابڕان لە ساتە وەختێکدا وا لە وا لە مرۆڤ دەکات جۆرێك لە گونجان و دەستەمۆیی لە ژینگە تازەکەی بەدەست بهێنێ ئالەم ساتەدا ووشەکان وەك دەربڕینی نامۆ خۆ دەنوێنن... بەلام لەژێر پەردەی بێزارییەکی چاوەڕوان نەکراودا.

لەم کۆپلەیەدا جەستەی مرۆڤ نزیکە دۆخی پەلەوەرێکە کە هێندە شەکەت و لاوازبێت توانای فڕینی نەمابێت واتا شاعیر نوزەی ژیانی تیا ماوە بەهۆی دابڕانەکانەوە .

من خوێنێك دەمترسێنێ کە بێ باك لە مناڵی

دەڕوا

ترسێك لەگەڵ خۆییم دەبات کە مناڵانە درێژ

دەبێتەوە بۆ نادیار

لەهیچم کەم نییە ... دەڕۆم

دەڕۆم و خەمی گەشبینم نییە

ئازیز بۆ تۆیە ئەم گۆرانییە

بۆ تۆیە

گۆرانی ئێمەی نائومێدان(٤٩)

پەیامی شاعیر ترس نییە بەڵکو متمانە لەدەست دانە بەژیان ناکۆکی دەروونی و هیلاکی جەستەو نامۆیی خودی شاعیرە ئەنجا بەووشەی ترس دا ئەمانە وەك لولینەك دەڕۆن .

یادەوەرییەکان چەند تاڵن گرژی بیریان پێوە دیارە بەڵام دابڕانەکە پەراوێزێکی بۆ بەردەوامی ژیان هێشتۆتەوە ... بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ دواڕۆژ بڵێ!

سێیەم: دابڕانی نشتیمانی

بریتیە لە دوورکەوتنەوەی شاعیر لە زیدی باوباپیری بە هۆکاری رامیاری ئاینی و دەسەلاتێکی ستەم دیدەی دیکتاتۆر کە نەتوانێ مافی تاکی رۆشنبیری نەتەوەیەك بپارێزێ و توشی خەمۆکی و نامۆیی و دابڕانی دەکات خاکەکەی بە جێدێڵێ . بە واتایەکی تر ئەم دابڕانە نەگونجانی تاکە لە گەڵ ژینگەی باو باپیری و دەورو بەری ، بە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی و چەوسانەوەی لە لایەن دەسەلاتەوە جا ئەو دەسەلاتە پشت ئەستور بێت بە سیاسەت یان بە ئاین یان بە دابوو نەریت .لێرەدا ئەرکی شاعیر بریتیە تاقیکردنەوەی واقیع یان فێرکردن بۆ ئەوەی لە نێوان خودو ژینگەدا جیاوازی بکات یان ناویژیوان بێت ،بۆ ئەوەی چاکەو خراپەی تاراوگەو دابڕان لە پەیامی شاعیری دابڕاودا ببێتە نیشانەی مرۆڤێك کە هێزی داهێنان چ وەك داهێنەر یان خولقاندنی شێوەی هەست بە هێز بکات لە دیدی خوێنەرانی خەڵکانی دانشتوی ولات ببێتە پەیامێکی بنیات نەری شاعیری دابڕاو ، بۆیە دلاوەر قەرداخیش هەموو شیعرەکانی لەم پرۆسەیەدا دەرخستنی هەقیقەتی ئایدۆلۆژیای شاعیرێکی دابڕاوە کە لە هاندەران وەك بەشێکی بە پێز لە ئەدەبی هاوچەرخ بە دیاری پێشکەش بە مێژووی ئەدەبەکەی دەکات ، وەك لەم نمونانەی خوارەودا شیدەکەینەوە .

نیشتیمان
خەنجەرەکەت دانێ و
بەهەر پێنج شەش لەتەکەی
نیشتمان سوێند بخۆ(٥٠)

یادکردنەوەی ستەم دیدەیی و داگیرکردن و خوێن ڕژان پەتیاری لە پاڵەپەستۆی تۆڵەکەکردنەوەو ڕەشبینی لە هەمان ساتدا بیر خستنەوەی تاڵە پیرۆزەکانی نەخشەی نیشتیمانی دابەش کراو هێجگار جوانە لەگەڵ سوێند بە پێکهاتەکانی ئەو نیشتمانەی دابڕاوەی وەك جەرگی شاعیری لەت لەتکراو، لێکردووە :

مەمکوژە
بە نیشتیمان سوێند بخۆ
بەشەوە سپیەکانی شۆڕش
کە نامکوژیت و
بە کۆلانێکی ئەو دیو بێدەنگیدا
دەمبەیت بڕۆم (٥١)

دواندنەکە شێوازێ لە پەراگەندیەی تێدایە بەرامبەر یەکێ قسە دەکات شاعیر لەباتی کێ خۆی داناوە ئەوەی بە ئاسانی دەزانرێت کلیل کردنەوەی وەڵامی پرسیارەکەیە... ئەوەی بەرامبەر هاولاتیە کوردە بەلام بۆ شاعیر سوێندی ئەدات شۆڕشی بیر دەخاتەوە کەواتە پێکەوە پێشمەرگایەتیان کردووە.

بۆ ڕوخۆش و دامون بۆ نالی
منالێك هەمیشە لەباران
( کۆپلە یە لێرە نیم)

لێرە نیم

حەیفێك لێرە نابم

كە دەرگایەك دەكەوێتە سەر پشت و

كەسی لێ نایەتە دەرێ(٥٢)

من ئەو كاتانەی بیروخولیام دەچێتە سەر دڵدارێك، كەسێك شتێك و دەستم پێ ی ناگات و نایگەمێ، بوونم وەكو نەبوونی لێ دێ، كە ئەمەش وەكو دەرگایەكی كراوەیەو كەسی لێوە نایەتە دەر، هەر لەچاوەڕوانیدا بژیم .

كە پەنجەرەیەك دەكرێتەوەو

هیچ پەپوولە پایزەیەك

پیاسەیەك بە ئێوارەیدا ناكا(٥٣)

زۆر ناخۆشە كە لەچاوەڕوانی دڵبەردا بێ و لە كۆتایی تەمەنی گەنجێتی دا بی و ئەویش هەر نەیەت، كە ئەوەشیان وەكو پەنجەرەیەكی كراوەیە و پەپوولەكانی پایز ، لە كۆتایی دەركەوتنێتی زستان هات ئیتر دەرناكەوێت لەبەر وەرزی سەرما و سۆڵە .

كە پەیژەیەك چاوەڕوانی دەیكوژێو

كەس بەدوو بۆڵێ ترێ وە

بۆ هاوینانی سەر هەیڤ

پیایدا هەڵناگژێ!(٥٤)

چاوەڕوانی بێ هوودە وەكو پەیژەیەكی كۆنی نێو باخێكی ترێ وایە، كە باخەكە هیچ بەرهەمی نەبێت و لە ئەنجامی ئەم بێ بەرهەمی یە كەسیش بەپەیژەكەدا سەرنەكەوێت بۆ لێكردنەوەی دوو بۆڵە ترێ. لێرەنیم

لێرە نیم/ حەیفێك لێرە نابم

كە سەعات زستانی عەسرێك

شپرزە دێیتە دەرێ و

ئەوە من نابم

كە منالآنە لەبەرایی (با) و

لە درێژبوونەوەی باران ڕاماوم!

ئەو كاتانەی من بیری لای كەسێكە ئەو منی

ناوێ، ئەو كاتانەش كەسێك (دڵدارێك)

بیری لای منە، من لە بێئاگاییدام و خافڵم، ئەمەش

وا دەكا لەبارانی سۆزت بێ بەش بم

ئەمجارەشیان هەر تۆ دەژێیت و

ئێمەیش وەك گەڕەكێك منالی لاسار

لێکدا لێکدا بەژوور و پێلیسکانەو

هەیوان و ژێر زەمینی و

سەربانو بانیژەو حەوشەو کون و کەلەبەری

ئاسمانی تابلۆکانتا (٥٥)

خۆم دەگەڕێم

لەهیچم کەم نییە

پڕ یەك گەروو شیعر

دوو مست ترس

یەك مردن ڕووتی (٥٦)

دابڕان لەسەر ئاستە نیشتیمانیەکە جەنجاڵییەك دروست دەکات خۆشیەکان لە دۆسیەکانی ئەودا جێگایان نابێتەوە، چ خەمەکە نامۆیەکە کۆمەڵایەتی بێت یا دەروونی یا ڕامیاری بۆیە شاعیر " تەنها هۆکاری مانەوەی یەك گەروو شیعرییە"

یەك سینگ عشق

پڕ دوو گلێنە تووڕەیی

خۆم دەگەڕێم .. لەهیچم کەم نییە

من چەکدارم بەچەکی ڕووناکی (٥٧)

پاییزانە

کێ دەمانباتەوە بۆ نیشتمان

کێ نیشتمان دەهێنێت بۆ لامان

نامەکانی نیشتیمان بۆ کێ دێت

کێ لە نیشتیمانەوە نامەی بۆ دێت (٥٨)

کیمیابارنی هەڵەبجە لە دەروونی هەموو تاکێکی هۆشیاردا داستانێکە لەستەم ، شاعیر دوور پێکەوە گرێدانێکی لە دابڕان لە تاراوگە بۆ هێمای کیمیاباران بە " ڕۆژ ژمێری ژەهری بدەنەوە" درووست کردووە .

ڕۆژ ژمێرەکەی ژەهری بدەنەوە

ساڵنامەکانی قاتوقڕی

بیدەنەوە... ئاوێنە درز تێبووەکەی بدەنەوە(٥٩)

کۆتایی کۆپلەکەی (٩٦-٩٧) قات و قڕی و گرانیەکەی کوردستان دەهێنێتەوە یاد کە بەسەر خێزانە هەژارەکاندا وێنەی دەبابەی دوژمن بەسەریان دا گوزەری کردووە، قات و قڕی وەك مێژووی کۆنیش دەگرێتەوە .

که بەیانیانێك تیایی دا، تا تەنیایی بڕکا
لەسەحراکانی غەریبی خۆی ڕادەما
عەترەکەی نیشتیمان بدەنەوە
عەترێ کە بۆنی لە بۆنی پاییز دەچوو(٦٠)

کۆپلەی سەرەوە دابڕانێك ی بەزۆر لەنیشتیمان وێنا دەکات .. بەدوای دا ئـەو دابڕانـە پەردەیـەك لـەنامۆیی دەکێشێ بەسەر دەروونی شاعیر لەباتی خودی خۆی و ئەوانەی وەك ئەون دابڕاو بن بەڵکو لەناو وولاتدان و لە خودی خۆیان دابڕاون .

بەیازەکانی
دارتێلە غەمگینەکانی
تابووتەکانی
بەلووعە کراس(٦١)

شاعیر "یادەوەریەکان" یە بەیازەکان ناودەبات شاعیر هەرچەندە (لە ٣٠سالْ) بەرەو ژوورە بەڵام لەبڕی (٧٠ سالْ ،١٠٠ سالْ) لەمەوبەر قسە دەکات "بەیاز" قۆناغی کلاسیکی کۆن و ئەدەبی حوجرەو مزگەوتە نەك ئێستای هاوچەرخە .

چیمەنە تازەییە بارەکانی
تینوێتییەکان
بیدەنەوە زەینی نیشتیمان بدەنەوە (٦٢)

جۆرە پچڕانێك لە میتۆدە وەسفیەکەدا لەم کۆپلەیەی سەرەوە دەبینین... (سەردەمی بەیاز) ماڵەکان کیمیاباران ئەو ماڵانەی کەسی لێ دەرنەچووە... ماڵە چیمەن فەرش کراوەکان لەبەرئەوەی خاوەنەکانیان کیمیاباران کراون ئەوان جەستەیان ووشك بووە بە ژەهراوی کردن چیمەن بەبێ ئاودان ووشك بوون.

دڵڕەقی
مەنفاو نیشتمان یەك لەیەك دڵڕەقترن
بەڵام مەنفا لەوەدا
لە نیشتیمان میهرەبانترە
کە کاتێ گۆشتمان دەخوا
ئێسقانەکەنمان بە نیشتیمان ناداتەوە.(٦٣)

من کە لەغەریبیداو لە ئەنجامی دوورخستنەوە لەو نیشتیمانە دایك زادەم بێزارو بێ تاقەتم، چونکە من لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە لەگەڵ کلتوورێکی نوێ هەڵسوکەوت دەکەم ، کە ناتوانم زۆر بگۆڕێم، هەرچەندە ئێرەی دوورە وولات بۆمن باشترو مرۆڤ بوون هێڵی سوورە، کە لە نیشتیمانم مرۆڤ هیچ بەهایەکی نییە کە

ئەمەش وەکو ئەو پەندە وایە کە دەڵێ : ( خزم گۆشت بخوا ئێسقانەکانت ناشکێنێ) .کەواتە هەرچەندە غوربەت دڵڕەق و بێزارکەرە لە وڵاتی خۆم باشترە ، چونکە لێرە لە غەریبی مرۆڤ ، مرۆڤە.

ئەزنیف

مەنفا

کردنی دەستێك ئەزنیفە

لەتەنیاییدا

لەگەڵ خۆت

مەنفا هەوڵدانێکی بێهوودەیە

بۆ بردنەوە لەخۆت(٦٤)

غوربەت، ئەگەرچی چەند بڵێین ، باشەو لەوێ دا هەست بە بوونی خۆمان دەکەین ، بەڵام هەروەکو یارییەکی ئەزنیفە کە لەگەڵ خۆمانی بکەین، کە براوەو دۆڕاو هەر خۆمانین، کە ئەگەر لە خۆت ببیەتەوە هەم دۆڕاو و هەم براوەیت، کە بەپێچەوانەشەوە ڕاستە .

کەواتە هەردەبێ بەتەمای نیشتیمان بین و هەر ئەوێشە جێگەمان.

جێهێشتن

من کە نیشتیمانم جێهێشت

خۆمم بەسەری شکاوەوە

لەکۆڵانەکانی منداڵی دا جێهێشت

شەوم بەسەردا هات و لەناو یەزدەکان(٦٥)

مردم

دلاوەر قۆناغی منداڵی نێوان (٦-٩) ساڵان بەرجەستە دەکات بەشاباڵی ئەندێشەکی تیژ ڕەو لەوەی لەژێر ناونیشانی "جێهێشتن" کە ئەم ووشەیە (ئارمی) کەسێکی گەورەیە لەپلان و ستراتیژ و قۆناغ بزاڤی نەك سەری بشکێ بەهەر هۆکارێ بێت ووڵاتی باب و باپیران بەجێ بهێڵێت ئەم دابڕانە جۆرێ لەڕەمزی تێدا بەکارهێنراوە " کۆڵانەکانی منداڵی" دەبوایە قۆناغەکانی بوان- تەمەن منداڵی کردووە بەڕۆژ گەورە بەلایەکی بەشەو کێشەکانیش بەردەلان.

دەزانم ..... تازە گەر خوداش لێم ببورێ

خۆم هەرگیز

لەخۆم نابوورم(٦٦)

شاعیر دەیەوێت لە پرۆفایلی منداڵی جۆرە بزاڤ و بزاوتێك بگرێتەبەر گرتۆتەبەر ڕەنگە لاسەنگی نەریت و بەندو باوی کۆمەڵ دیاربێت بۆیە لێرەدا جۆرێك لە پەشیمانبوونەوەی تاکاری دەبینرێت کە نایەوێت مرۆڤی ئاسایی دەمە قاڵ بێت بەڵکو وەکو ڕەوشەن فکرێ خۆی ئاراستە دەکات.

گومان

مەنفا
هەمیشە لێمان مۆن و
هەمیشە لێمان بەگومانە
چونکە دەترسێ ڕۆژێك لە ڕۆژان
دەوری چۆڵ کەین(٦٧)

نیشتیمان
دەرکی مەنفام کردەوە
جێگەی پاڵ کەسێك
چۆڵ بوو
جانتاکەم دانا
لایەوە دانیشتم و سەیرێکم کرد:
ئۆو ئەی نیشتیمانی باوان وێران
خۆ ئەمە تۆیت ! (٦٨)

(نیشتیمان) ئەو ووشەیەی سەرچاوەی دروستبوونی ئاڵاو لەدایکبوونی ئازادی پێشکەشکردنی خوێنی گەرمی لاوانە بۆ بەرەو ئازادی چوونی ئەو پیرۆزییەی نیشتیمانە شاعیر جێگۆڕکێی کردووە خودی خۆی بیر چۆتەوە .... بۆتە کلیل داری شاری ووڵاتی پێشوزای مەنفا چونکە لەووڵاتانی پێشکەوتوو، کلیل داری شاری پێشوازی نوێنەران کەسانی بیانی دەکەن نەك دابڕاوێك لەزێدو باب و باپیری خۆی ، لە ڕوویەکی تری پەیامە شیعرییەکە پێشکەش کردنی ناسنامەی دابڕاو ... بەسەرکردنەوەی ناسنامەی کەسانی تری پێش خۆی دابڕاون.

وەك کتوپڕ خۆکردن
بەنیوەڕۆ خەوی قووڵی کۆڵانداو
شەقهەڵدان لە قوتوویەکی قووپاو (٦٩)

ئەم کۆپلەیەی تری هۆنراوەکە ... دۆخەکە... گۆڕا... بەردەوامی جوڵەی (سکونەکەی) پێشووە بێ دەنگی کۆڵان ڕادەماڵێ و شتەکان دەبینرێ دەست و قاچ و چاو دەکەونە ئیش و (تۆزێ) کەوتۆتە سەردەمی منداڵی یان لاوێکی بێ ئیش و کارە کە شەق لە قوتو هەڵبدات.

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەوەی بڵێین دابڕان حاڵەتێکی نائاسایی یە و تووشی هەمو مرۆڤێك دەبێت بەڵام زیاتر لە هەڵسوکەوتو ژیانی ئەوکەسانە ڕەنگ دەداتەوە کە بیرمەندو شاعیرو ڕەخنە گرو وهونەرمەندن بەهۆی نووسین و ئەزمونەجۆربەجۆرەکانیان لە بارەی دیاردەکانی دەوروبەریان لە ژیان چونکە دەیانەوێت بچنە قوڵایی ژیان و قوڵایی شتەکان تابگەنە ئەنجامێکی باوەڕ پێکراو بۆیە دەتوانین بڵێین دابڕان لەڕوانگەی فەلسەفەوە وەکو کۆڤمان دەڵێت ( فەلسەفە لەمنداڵدانی دابڕانەوە لەدایك دەبێت )(٧٠) بۆیە دلاوەر

قەرەداغیش گرنگیەکی زۆری داوە بە هاوبیرانی و مندالآنی گەڕەك و کوچەوکۆلآنانی شارەکەی و ئەوماموستاو هونەرمەندانەی کەدلاوەر لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیاو هەلسوکەوتیاندا بووە .

## ئەنجام

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم چەند خالآنەی خوارەوە :

١_ دابڕان لەزمانی عەرەبیدا لەیەك زاراوەدا خۆ دەبینێتەوە ئەویش زاراوەی (إنقطاع) ٣، هەرچەندە زاراوەی تریش هەیە نزیکایەتی هەیە لە هەمان واتاوە کە لە فەرهەنگی (الوسیط ) ی عەرەبیدا هاتووە وەك هەردوو زاراوەی ( إنفصال ، إنسلاخ ) لە ڕاستیدا واتاکەیان دوورە لە دابڕانەوە .

٢_ جۆرکانی دابڕان کۆمەلآیەتی و دەروونی و جوگرافییە، بەلآم ئێمە نیشتیمانیمان بەکارهێناوە ، جونکە هەمویان لە دوو خالدا یەك دەگرنەوە

(أ) دابڕانی تاك لە خودی خۆی .

(ب) دابڕانی تاك لەدەوروو بەر.

(ت) دابرآنی تاك لەنیشتیمان و زێدی باووباپیر.

٣_ دابڕان وەك دیاردەیەك سەرەتا لەناخدا بوونی نییە ، بەلآم دوای ئەوەی دەورووبەر دەبێت لەمپەڕ لەبەردەم بەدیهاتنی خواستەکانی تاك تووشی دابڕان و دورەپەرێزی دەبێت .

٤_ ئەدەبی کوردیش وەك هەموو ئەدەبەکان مێژووی شیعردا تیایدا کۆنترە لە میژووی ژانەرەکانی تری ئەدەب ، بۆیە ئاسابیە مێژووی دابڕان لەشیعردا زوو تر دەرکەوتبێ لەوانی تر.

٥_ دلاوەر قەرەداغی شاعیر و وەرگێڕیش لە ناوەڕۆکی هەمو بەرهەمەکانیدا بەهۆی دابڕانەکەوە ئەم دۆخانەی تێدا هەست پێ دەکرێت : بێزاری ، تەنیایی ، ڕاڕایی ، بێئومێدی .

٦_ گرنگی ئەم لێکۆلینەوە لەوەدایە کە پێش ئەم لێکۆلینەوە کاری ئەم چەشنە ئەکادیمییە ئەنجام نەدراوە لەسەر دابڕان.

## پەراوێزەکان

١_ فەیروز ئابادی ، فەرهەنگی موحیت ، چ ٣ گ ٤ بیروت١٩٨٠ ل ٣٧٧

٢_ احمد ابو زید (( الانقطاع والإغتراب )) مجلة عالم الفكر ، جامعة الكويت ، مجلد ١٠ ع١ سنة ثالثة صفحة١٤

٣_ دكتور طالب مهدي الخفاجي ، مجلة الموقف الثقافي .ع٣سنة١٩٨٩ص١٢

٤_ دكتور طالب مهدي الخفاجي ، مجلة الموقف الثقافي . ع٣سنة١٩٨٩ص١٣

٥_ دكتور طالب مهدي الخفاجي ، مجلة الموقف الثقافي .ع٣سنة١٩٨٩ص١٤

٦_ دكتور طالب مهدي الخفاجي ، مجلة الموقف الثقافي . ع٣سنة١٩٨٩ص١٥

٧_ دكتور طالب مهدي الخفاجي ، مجلة الموقف الثقافي . ع٣سنة١٩٨٩ص١٦

٨_دكتور غالي شكري ، شعرنا الحديث الى اين ؟ ، مصر ١٩٦٨ ص٢١٤

٩_ ڕێبوار سیوەیلی ، لەستایشی ئەدەبدا ، دەزگای ئاراس سالی ٢٠٠١ ل٦

١٠_ د. نوري حمود القيسي ، الاغتراب والاحكام النقدية عند العرب ، افاق عربية س ٤ ، ١٩٧٩ ص١١

١١_ Oxford acl vanced cearners, oxford university١٩٨٤,٢٠ p٢٢

١٢_ Oxford acl vanced cearners, oxford university١٩٨٤,٢٠ p٢٢

Oxford acl vanced cearners, oxford university١٩٨٤,٢٠ p٢٢_١٣
Oxford acl vanced cearners, oxford university١٩٨٤,٢٠ p٢٢_١٤
١٥_ كتاب العيني، تحقيق ابراهيم السامرائي ومهدي المخزومي، دار الشؤون الثقافية بغداد، ١٩٨٦،ص٤١
١٦_ كتاب العيني ، تحقيق ابراهيم السامرائي ومهدي المخزومي ، دار الشؤون الثقافية بغداد ، ١٩٨٦،ص٤١
١٧_ الدكتور احمد حافظ ، العلاقة بين الاغتراب النفسي والتوافق النفسي ، رسالة دكتوراه جامعة عدن ، اليمن ، سنة ٢٠٠٠ ص٤١.
١٨_ دكتور جلال سعد ، المرجع في علم النفس ، القاهرة ١٩٨٠ ، ص٢١.
١٩_ الدكتور مصطفى سويف ، الاسس النفسية للابداع ، في الشعر خاصة ، القاهرة ، ١٩٦٩،ص١٣١ .
٢٠_ الدكتور مصطفى سويف ، الاسس النفسية للابداع ، في الشعر خاصة ، القاهرة ، ١٩٦٩،ص١٣٢ .
٢١_ الدكتور مصطفى سويف ، الاسس النفسية للابداع ، في الشعر خاصة ، القاهرة ، ١٩٦٩،ص١٣٣ .
٢٢_ نفس المصدر اعلاه .ص١٣٤
٢٣_ نفس المصدر اعلاه .ص١٣٤
٢٤_ نفس المصدر اعلاه .ص١٣٥
٢٥_ نفس المصدر اعلاه .ص١٣٥
٢٦_ نفس المصدر اعلاه .ص١٣٦
٢٧_ نفس المصدر اعلاه .ص١٣٦
٢٨_عبدالحليم محمود السيد، الابداع والشخصية ، دارالمعارف مصر ، القاهرة ، ١٩٧١ ،ص٣
٢٩_نفس المصدر اعلاه ، ص٥
٣٠_الدكتور مصطفى السويف ، الاسس النفسية للابداع ، ص١٤١
٣١_الدكتور عبدالرحمن منيف ، الكاتب والمنفى ، بيروت ، ٢٠٠٣ ،الطبعة الاولى ،ص٤٤.
٣٢_ سەرکەوت سەعدی قادر ، نامۆی لەرۆمانەکانی (سەلاح عومەر) دا ، نامەی ماستەر، هەولێر ، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٢،ل٩٦
٣٣_ سەرکەوت سەعدی قادر ، نامۆی لەرۆمانەکانی (سەلاح عومەر) دا ، نامەی ماستەر، هەولێر ، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٢،ل٩٦
٣٤_ سەرکەوت سەعدی قادر ، نامۆی لەرۆمانەکانی (سەلاح عومەر) دا ، نامەی ماستەر، هەولێر ، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٢،ل٩٦
٣٥_ الدكتور عبدالرحمن منيف ، الكاتب والمنفى ، بيروت ، ٢٠٠٣ ،الطبعة الاولى ،ص٣٥.
٣٦_ نوري شاكر، الاغتراب في الفكر الماركسي، مجلة الثقافة، بغداد، ع٦، ١٩٨٣، ص٣٧.
٣٧_دلاوەر قەرەداغی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لەتەنیشت بیابان ، کۆی شیعرەکان ١٩٩١ ، ٢٠٠٥.چاپی یەکەم هەولێر ل٥٣.
٣٨_هەمان سەرچاوە ل ٥٤
٣٩_ هەمان سەرچاوە ل ٥٤
٤٠_ هەمان سەرچاوە ل ١٢٧
٤١_ هەمان سەرچاوە ل ١٦٤
٤٢_ هەمان سەرچاوە ل ٢٠١
٤٣_ هەمان سەرچاوە ل ١٨٤
٤٤– هەمان سەرچاوە ل ٢٣٣
٤٥_ دلاوەرقەرەداغی ، مەلەك ڕەیحان ، چاپخانەی ڕەنج سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ١٨
٤٦_ ماڵێك لەناو زەریا ل٢١٨
٤٧_ عبدالحليم محمود السيد الابداع والشخصيه ، مصر ، القاهره ، ١٩٧٦، ص ٣٦ .
٤٨– حەمەی ئەحمەدی ڕەسوڵ ، سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا ، سلێمانی ،٢٠١٣ سەردەم ل٣٤.
٤٩_ دلاوەرقەرەداغی ، پایزانە ، ل٥
٥٠_ دلاوەرقەرەداغی ، پایزانە ، ل٩
٥١_ دلاوەرقەرەداغی ، ماڵێك لە ناو زەریا ،ل ٩٨.

٥٢_ هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە .
٥٣_ دلاوەرقەرەداغی ، مەلەك ڕەیحان ، ل ١.
٥٤_ دلاوەرقەرەداغی ، ماڵێك لەناو زەریا ، ل ٤.
٥٥_ هەمان سەرچاوە ، ل٢٨٨
٥٦_ هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨٩
٥٧_ دلاوەرقەرداغی ، پایزانە ، ل٧.
٥٨_ هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە.
٥٩_ هەمان سەرچاوە ، ل١٢٣.
٦٠_ هەمان سەرچاوە ، ل٣١
٦١_ هەمان سەرچاوە ،ل ٢٦
٦٢_ هەمان سەرچاوە، ل٣١
٦٣_ هەمان سەرچاوە، ل٣١
٦٤_ دلاوەرقەرداغی ، لەشارێکی زۆر دورم ، ل ٦٤.
٦٥_ هەمان سەرچاوە ،ل ٦٤
٦٦_ هەمان سەرچاوە،ل٦٥
٦٧ _ هەمان سەرچاوە، ل٦٧
٦٨_ هەمان سەرچاوە ،ل٦٩
٦٩_ هەمان سەرچاوە ، ل٦٩
٧٠_ هەمان سەرچاوە ، ل٨٥

# الانقطاع في شعر المنفى للشاعر دلاور قره داغي

## ملخص البحث باللغة العربية


بات واضحا ان (الانقطاع) في الادب عندما يتعلق بالكتاب والشعراء سببه الظروف الاجتماعية والنفسية والوطنية ، التي كانت ترزح تحت وطأتها منطقة كودرستان لانهم عانوا الامرين وكانوا يتمتعون بشعوروطني وقومي لانظير لهما فضلا عن حساسية كبيرة، ثمة انقطاع اجتماعي تمخض عن وعي الشاعر (دلاوه ر قه ره داغي ) اليقظ .

وقد تفاوت رد فعل الشاعر إزاء (الانقطاع) من خلال منهج تعويضي نفسي يتمثل في العودة الى الطفولة وإستعادة الماضي ، على صعيد آخر لـ دلاوه ر قه رداغي فضل عبر صفحات الادب الكردي المعاصر والحديث ، من حديث إحياء الذكريات حيث الازمة والشوارع والاستاذة والبقالة، التي إنطوت على دلالات الانبعاث والارتباط بالماضي وبمسحة من خلود ومقاومة المجاهد، عليه فـ بحثي جديد من الناحية الاكاديمية فلاسبق من حيث الموضوع ولا وجود لنماذج تم تقليدها، والنماذج الشعرية أخذت من ديوانها الاول حيث البدايات ومرحلة الصعود من سنة ١٩٩١ _ ٢٠٠٥. بنية وضع اللبنة الاولى في تأريخ الكردي المعاصر .


# Discontinuity in the capillary effects for Dlawar Qaradaghi in exile


## Dr.faruq muhammed ridha lecturer



It became clear that (drop) in the literature when it comes to writers and poets caused by social conditions, psychological and national, who was living under the brunt area Codrstan because they have suffered two things and they enjoyed Bashaourotunai and a national unrivaled for them as well as great sensitivity, there is a break social resulted in awareness of the poet (Dlaoh t Ge Rh Dagi) vigilant. Has varied reaction poet about the (drop) through the curriculum redemptive myself is to go back to childhood and the restoration of the past, on the other hand for Dlaor t Ge Rdaghi preferred through the pages of literature Kurdish;; and the streets and professor and grocery, which involved on the implications of emission and the link to the past and the anointing of the immortality and resistance fighter, he P new research from the Academy Vlassbak in subject matter and there are no models have been imitated, contemporary and modern, from the modern revival of memories, where the crisis models poetic taken from the bureau first since the beginnings and the stage of the rise from ١٩٩١ _ ٢٠٠٥. Put the first brick structure in the contemporary history of Kurdish.